مەسرور بارزانی: وەک حکومەتی هەرێم هیچ کاتێک ئاستەنگیمان دروست نەکردووە و هەموو پابەندییەکانمان جێبەجێکردوون



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شەممە لە میانەی وتارێکدا لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی جوتسایدی شێخان-لالش جایگەیاند "گفتوگۆکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەبارەی بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەردەوامن و دەشێت، "وەک حکومەتی هەرێم هیچ کاتێک ئاستەنگیمان دروست نەکردووە و هەموو پابەندییەکانمان جێبەجێکردوون".

لە وتارەکەیدا مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، گفتوگۆکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەردەوامن، ئێمە وەکو حکومەت هیچ ئاستەنگییەکمان دروستنەکردووە و سەرجەم ئەو پابەندیانەشی دەکەونە ئەستۆی ئێمە جێبەجێمان کردون".

وتیشی، "وەک ئەوەی لە دوایین گفتوگۆکان ئاگادار کراومەتەوە، ڕێککەوتنێک لە نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا کراوە، ئەمە دەبێتە دەرفەتێکی زۆر باش بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکان".

ئەوەشیخستەڕوو، "هیوادارین لە ڕۆژانی داهاتودا ئەم ڕێککەوتنە ببێتە واقیع و حکومەتی

فیدراڵیش پابەندییەکانی خۆی بۆ خەرجکردنی شایستەی داراییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێبکات و چیدیکە پرسی موچەی نەبێتە سەردێڕی هەواڵی ڕۆژنامەکان".

هەر لەو وتارەکەیدا مەسرور بارزانی باسی لەوەشکرد، "زۆر هەوڵ دەدرێت خوشك و برا ئێزدییەکانمان لە شنگال دوربخرێنەوە، زۆر هەوڵماندا ڕێککەوتنی شەنگال لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی جێبەجێبکرێت، بەڵام تا ئێستا جێبەجێنەکراوە، چونکە هەندێك هێزی نایاسایی لەو شارەکە هەن".

دەشڵێت، "داواکارین لە حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویست بنێت، ئاسانکاری بکات تا خوشك و برا ئێزدییەکانمان بە سەربەرزی بگەڕێنەوە شەنگال و شوێنەکانی دیکەی خۆیان".